ئیڤا ڕۆحێکی شەیتانی هەیە، ئەو هۆکاری نەهامەتییەکانی مۆرینیۆ و پۆگبا و زلاتانە..

# "تاوەکو مۆرینیۆ داوای لێبوردن نەکات ڕزگاری نابێت"



ڕووداوی وەرزشی ـ MU4

جادووگـەری غانـی، نانا کواکۆ بونسـام سـووره لەسـەر ئەوەی، خـۆزێ مۆرینیۆی ڕاهێنـەری یانەی مانچێسـتەر یونایتد ئینگلیـزی، بەدرێژایـی کاروانی وەرزشـیی لە ڕاهێنەرایەتی سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر داوای لێبووردن لە خانمە پزیشک ئیڤا کارنیرۆ نەکات.

مۆرینیـۆ هـۆکاری دەرکردنـی کارنیـرۆ بـوو لـە چێڵسـی، بەهۆی ئەو ناکۆکییەی لەنێوانیاندا ڕوویدا، دوای ئـەوەی ئـەو پزیشـکە لـە یارییەکـی وەرزی ڕابردووی پریمەرلیگ بەرامبەر سـوانزی سـتی چووە نێـو یاریگە بـۆ چارەکردنی ئیدین هـازاردی یاریزان، ئـەوەش ناوبژیوانی ناچارکـرد داوا لەو یاریزانە بکات بۆ تەواوکردنی چارەسـەری بچێتـە دەرەوە، ئەوەش مۆرینیـۆی تووڕەکـرد، چونکە تیپەکـەی هەر خۆی یاریزانێکی کەم بوو.

ئـەو جادووگـەرە سـاڵی ڕابـردوو ڕایگەیانـد ئیڤا هۆکاری پاشەکشەکردنی ئەنجامەکانی وەرزی ڕابردووی چێڵسی بوو، ئێستاش دەڵێت «مۆرینیۆ کەسێکی زۆر یاخییە، گوتوومەو دیلێیمەوە، ئەگەر داوای لێبوردن لە ئیڤا نەکات، ببێتە ڕاهێنەری هەر یانەیەک سەرکەوتوو نابێت». هەروەها گوتیشـی «ئیڤا گیانێکی شەیتانی هەیـەو هەر ئەو هۆکاری هەموو ئـەو نەهامەتیانەیە، کە مانچێسـتەر یونایتد تووشـیان دێت، هەر ئەویش هـۆکاری خراپبوونـی ئاسـتی پـۆل پۆگبـاو زلاتان ئیبراهیمۆڤیچە». نانـا کواکۆ دواجار گوتی «داوا لە کارگێڕی یونایتدو هاندەران دەکەم فشـار بخەنە سەر مۆرینیۆ، بۆ ئەوەی بەبێ هیچ مەرجێک داوای لێبوردن لە ئیڤا بکات، ئەگەر دەیانەوێ سەرکەوتوو بن».


WWW.RUDAW.NET

ڕووداو وەرزشی

ژمارە (423) سێشەممە 2016/11/8 17ی گەلاڕێزان - 2716 (500) دینار

ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات


دۆڕاندن چارەنووسی مێسی و هاوڕێکانی دەخاتە مەترسییەوە..

# کلاسیکۆی مەرگ

"ئەرجەنتینییەکان دەیانەوێ بە بردنەوە لە بەرازیل داری هیواکانیان سەوز بکەنەوە"



3

## هیلاری کلینتن هاندەری ئارسیناڵە



4

## کچێکی کاراتێی چەمچەماڵ خاوەنی 13 بڕوانامەیە



2

## بەهۆی هەڵچوون و زۆر هاوارکردنەوە ژیانی کۆنتی لە مەترسیدایە



5

## BBC دەبێتە MBC و بارودۆخی MSNیش ناڵەبارە

3-5



**کوردەکە دڵخۆشە**

دوای ئەوەی یانەی جەویەی بەغدا لە یاری کۆتایی جامی یەکێتی ئاسیادا توانی بە گۆڵێکی بێبەرامبەر لە یانەی بینگالۆرۆی هیندی بباتەوەو جامەکە بەدەستبێنێت، هەڵگورد مەلا محەممەدی یاریزانی کوردی نێودەوڵەتی ئەو یانەیە، لە لێدوانێکی تایبەت بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)دا دڵخۆشی خۆی بەو سەرکەوتنەی خۆی و هاوڕێکانی ڕاگەیاندو گوتی «زۆر دڵخۆشم کە توانیمان بۆ جاری یەکەم لە مێژووی یانەکانی عێراقدا ببینە یەکەمی جامی یەکێتی ئاسیا، هیوادارم بەردەوام بین لە سەرکەوتنەکان و لەمەودواش لە خولی عێراقدا بەهەمان ئاستی بەرزەوە یاری بکەین و ببینە پاڵەوانی عێراقیش».

## بۆ گەڕایەوە یانەی هەولێر و بۆ یاری لە خولی عێراقدا ناکات؟!

# دیدار دەیەوێ لەگەڵ هاندەرانی ئاشتبێتەوە



**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشی - هەولێر**

دیدار حامد، گۆڵپارێزی ئێستای یانەی وەرزشیی هەولێر، نهێنیی گەڕانەوەی بۆ ریزەکانی یانەی هەولێر بۆ (ڕووداوی وەرزشی) ئاشکرا دەکات، کە پێشتر لە هەڤپەیڤینێکدا بە (ڕووداوی وەرزشی) گوتبوو «هەرگیز یاری بۆ یانەی هەولێر ناکەمەوە». بەڵام وەک خۆی دەڵێت باوکی ڕێگەی پێنادات لە خولی عێراق یاری بکات.

دیدار حامد، گۆڵپارێزە ئاستبەرزەکەی پێشووی یانەی هەولێر کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ بەرگری لە تۆری گۆڵەکەی کردووە، بۆ ماوەیەک لە یانەی هەولێر دابڕا و بۆ هەریەک لە یانەکانی زاخۆ، برایەتی و ئارارات یاریدەکرد لە خولی کوردستان و عێراق، ئەوکات ئەو بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند «کە لە بەرپرسانی یانەی شارەکەی تووڕەیەو هەرگیز ناگەڕێتەوە ئەو یانەیە»، بەڵام دوای چەندین ساڵ دیدار بڕیاریدا بگەڕێتەوە یانەی هەولێر و خزمەتی ئەو یانەیە بکاتەوە. ئەو بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «ڕاستە گوتوومە ناگەڕێمەوە یانەی هەولێر، بەڵام خۆشەویستی من بۆ یانەی شارەکەم، ئەو یانەیەی لێی پەروەردە بوومە لە هەموو ئەو شتانە گەورەترە کە ڕۆژانێک بەهۆیانەوە نیگەران بووم». هەروەها گوتیشی «هیچ ئامانج و مەبەستێکم نییە لە گەڕانەوەم بۆ یانەی هەولێر جگە لە خۆشەویستیم بۆ یانەی هەولێر و جەماوەرەکەی، تاکە ئامانجی من ئەوەیە دووبارە ژمارەیەکی زۆر هاندەرانی وەرزشیی لە دەوری خۆم کۆبکەمەوەو لەگەڵیان ئاشت ببەمەوە، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان لە من زویر بین بەهۆی جێهێشتنی یانەکەم، پێیان دەڵێم ئەوە جارێکی دیکە گەڕامەوە بۆ خزمەتکردنی یانە خۆشەویستەکەی خۆم و خۆتان».

لەبارەی نە ڕۆیشتنی بۆ شاری بەغداو یاری نەکردنی لە خولی عێراقیش، دیدار هۆکارەکەی ئاشکرا کردو گوتی «زۆر یانە داوایان لێکردوومە بۆ خولی عێراقی یارییان بۆ بکەم، ئێستاش لە پەیوەندیدان لەگەڵمدا، بەتایبەتیش هەردوو یانەی کەرخ و حدود، بەهیوای ئەوەن من بە داواکارییان ڕازی بم، بەڵام من بەفەرمی گەڕاومەتەوە ریزەکانی یانەی هەولێر». هەورەها گوتیشی «من زۆر حەزدەکەم لە خولی عێراقی یاری بکەم، بەڵام باوکم ڕێگەم پێنادات یاری لە خولی عێراق بکەم، پێی خۆش نییە لە دەرەوەی کوردستان یاری بکەم».

دیدار حامد، کە بە قسەی خۆی لەسەر ئاستی کوردستانیش لەلایەن چەندین یانەی وەک برایەتی، ئارارات، سیروانی نوێ و هەندرێنەوە گرێبەستی پێشکەشکراوە، هەموویانی لەبەر هەولێر ڕەتکردووەتەوەو گوتی «من بێ گرێبەست یاری بۆ یانەی هەولێر دەکەم، تەنیا مووچەم دەبێت، کە لە ڕاستیدا بەرپرسانی یانەکە بەڵێنیان داوە مووچەیەکی باشم بدەنێ».

گۆڵپارێزەکەی یانەی هەولێر، دووپاتیکردەوە کە هۆکارێکی سەرەکی گەڕانەوەی بۆ یانەی هەولێر، هەوڵدانی ئەوە بۆ ئاشتکردنەوەی هەوادارانی خۆی و یانەی هەولێر، کە هەندێکیان بەهۆی ڕۆیشتنی ئەو لە یانەی هەولێر لێی زویر ببوون و گوتی «بە هەوادارانی یانەی هەولێر دەڵێم ئەوە من گەڕمەوە، بەڵێنتان پێدەدەم ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم و خزمەتێکی زیاتر بە یانەکەی خۆم و خۆتان بکەم».

> «خۆشەویستی من بۆ هەولێر لە هەموو ئەو شتانە گەورەترە کە ڕۆژێک بەهۆیانەوە تووڕە بووم»

> «بە هاندەرانی هەولێر دەڵێم ئەوە من گەڕامەوە بۆ خزمەتکردنی زیاتری یانەکەی خۆم و خۆتان»

## یاریزانی کاراتێیە و خاوەنی پشتێنی ڕەشە..

# کچێکی چەمچەماڵ 13 بڕوانامەی نێودەوڵەتی هەیە



چاوان: بەشداری چەندین خول و پاڵەوانیەتی جیهانیم کردووەو خاوەنی ملوانکەی زێڕم

**پێشەوا بەختیار**
**ڕووداوی وەرزشی - چەمچەماڵ**

کچێکی دانیشتووی چەمچەماڵ، یاریزانێکی بەتوانای یاری کاراتێیە، خاوەنی پشتێنی ڕەشە، بەشداری لە چەندین خول و پاڵەوانیەتی ناوخۆیی و جیهانی کردووەو چەندین ملوانکەی زێڕ و زیوی بردووەتەوە. خاوەنی 13 بڕوانامەیە.

ژاڵە جیهاد محەممەد، ناسراو بە «چاوان»، تەمەن 23 ساڵ، دانیشتووی چەمچەماڵە. ئەو ژیانی وەرزشیی خۆی بۆ (ڕووداوی وەرزشی) باس دەکات و دەڵێت «لە تەمەنی 14 ساڵییەوە دەستم بە وەرزشی کاراتێ کردو لە سەرەتاوە لەلایەن ڕاهێنەری یانەی وەرزشیی چەمچەماڵەوە هاوکاری کرام، من لە سەرتاوە حەزم بەم وەرزشە کرد لەبەرئەوەی ئەو جۆرە وەرزشە بۆ کچ لە کوردستان زەحمەت و قورس بوو، منیش بەو زەحمەتییەدا تێپەڕیم و ویستم ببم بە پردێک بۆ ئەوەی کچانی دیکەش چاو لە من بکەن و ڕووبکەنە ئەم جۆرە وەرزشکردنە، سوپاس بۆ خوا سەرکەوتوو بووم».

ژاڵە، باس لەوە دەکات کە لە ساڵی 2009وە بەشداری لە چەندین خول و پاڵەوانیەتی نێوخۆیی و جیهانی کردووە «ملوانکەی زێڕم چەندجارێک بردووەتەوە، زیو و برۆنزیشم بردووەتەوە، زیاتر لە 13 بڕوانامەی نێودەوڵەتی و نێوخۆییم بەدەستهێناوە، هەروەها خاوەنی پشتێنی ڕەشم لە یاری کاراتێ».

ئەو کچە وەرزشوانە کوردە، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە چەندینجار لەلایەن یانە بەناوبانگەکانەوە بانگێشتکراوە بۆ ئەوەی بچێتە ریزەکانیانەوە «بەڵام لەبەر وەفایەک بۆ چەمچەماڵەکەم نەچووم، ئێستاش قوتابیم لە زانکۆیی سلێمانی، لە بەشی وەرزشیی دەخوێنم».

هەروەها ژاڵە کە پێیوایە هاوکاری خێزانەکەی هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی بووە لە ژیانیدا، گوتیشی «هۆڵێکی وەرزشیی تایبەت بە ئافرەتانم کردووەتەوە، دەمەوێ بەمشێوەیە خزمەتی کوردستان بکەم، هەموو جارێ ئەوەم لەبەرچاوە کە پێشمەرگە هەموومان دەپارێزێت، بۆیە پێویستە هەر یەکێک لە ئێمەش لە چوارچێوەی پیشەکەیدا خزمەتی نیشتیمانەکەی بکات».

کوردستان کەریم، دایکی ژاڵە یاخود وەک ئەو کچەکەی بە «چاوان» بانگ دەکات، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «سەرەتا ڕێگریم لە چاوان کرد، بەڵام کە زانیم کچەکەم سەردەکەوێت و وەرزش ڕێگای ئەوە، پشتگیریم کرد، شانازی پێوە دەکەم و هیوادارم هەمیشە سەرکەوتوو بێت».



# سلێمانی ناوەندی نییە

**هەرێز جەمال**
**ڕووداوی وەرزشی - سلێمانی**

لیژنەی ناوبژیوانان لە فیدراسیۆنی تۆپی پێی عێراق، بەنیازە ئەرکی بەڕێوەبردنی یارییەکان لە ناوەڕاستی یاریگە بە ناوبژیوانێکی کوردی شاری سلێمانی ببەخشێت، کە ئێستا ئەو پارێزگایە یەک ناوبژیوانی ناوەڕاستی لە عێراق نییە.

بایر شێخ تایر، ئەندامی لقی سلێمانی فیدراسیۆنی تۆپی پێی عێراق بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «لە ڕۆژانی ڕابردوو چەند ناوبژیوانێکی شاری سلێمانی، کە سەرجەمیان لاون لە شاری بەغدا تاقیکردنەوەی پلە یەکیان ئەنجامدا و هەنگاوی یەکەمیان بە سەرکەتوویی بڕی، بۆیە ئومێدی زۆرمان هەیە سەرجەمیان لەلایەن فیدراسیۆنی تۆپی پێی عێراقەوە ئەرکی ناوبژیوانی دووەم و سێیەم و چوارەم وەربگرن بۆ بەڕێوەبردنی یارییەکانی خولی پلە یەکی عێراق».

بایر شێخ تایر، هەروەها گوتیشی «پێشتر شاری سلێمانی ناوبژیوانی ناوەڕاستی هەبوو، بەڵام بەهۆی ناجێگیری بارودۆخی تەناهی ڕێگاکانی بەغدای پایتەختی عێراق، بڕیاری کشانەوەیان داوەو پاش ئەوەش فیدراسیۆن بەو هۆکارە ناوبژیوانەکانی لەکارخست».

ئەو ئەندامەی فیدراسیۆنی لقی سلێمانی تۆپی پێ ئاشکرایکرد «ئێستا چاومان لە ناردنی ناوبژیوانێکە بۆ بەڕێوەبردنی یارییەکانی خولی عێراق لە ناوەڕاستی یاریگەدا، کە لە ئایندەیەکی نزیکدا تاقیکردنەوەی کۆتایی دەکات و پێشبینی سەرکەوتنی دەکەین، کە دەبێتە تاقانە ناوبژیوانی ناوەڕاستی سلێمانی لە عێراق».





ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پلەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەری "بژاردەکانم" بکە لەڕێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێك بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێك کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێك دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پلەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

411
korektel.com

## دەگاتە کلاسیکۆ

راپۆرتە رۆژنامەڤانییەکان هەواڵێکی خۆشیان بۆ هەوادارانی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی راگەیاند، سەبارەت بە پرسی چارەسەری ئەندریس ئینیێستای ئەستێرەی یانەکە لە پێکانەکەی. بەپێی ئەو راپۆرتانە ئینیێستا بەشێوەیەکی خێراتر لە پێشبینیکراو چاکدەبێتەوەو لە ماوەیەکی نزیکدا دەگاتە دوایین قۆناخی چارەسەر و لەوانەیە بە ماوەیەکی زووتر لەوەی باسدەکرێت بگەڕێتەوە. تەنانەت ئەگەری ئەوە هەیە بەشداری یاری کلاسیکۆ بکات. لەگەڵ ئەوەشدا پزیشکان هۆشداری ئەوە دەدەنە ئینیێستا کە پەلە نەکات لە گەڕانەوە، چونکە لەوانەیە ئەوکات پێکانەکەی سەرهەڵبداتەوە.

## نێوماڵی شاهانە نا ئارامە..

# سەرۆک دەیەوێ BBC هەڵوەشێنێتەوە



مالپەری DIARIO GOL: پیرێز بیر لە بەڕێکردنی زیدان، بنزیمە و ناڤاس دەکاتەوە

«پیرێز بە یاریدەدەرەکانی گوتووە رۆناڵدۆ شایەنی گرێبەستێکی گەورەو درێژخایەنە»

**ئا: رووداوی وەرزشی**

سەرەڕای ئەوەی هێشتا یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی پێشەنگی خولی ئیسپانیایە، بەڵام ماڵپەڕێکی ئیسپانی باس لەوە دەکات کە بارودۆخی نێو ماڵی شاهانە نا ئارامەو دەڵێت «فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی ریال مەدرید دەیەوێ زینەدین زیدانی راهێنەر دەربکات و کەریم بنزیمەو کایلۆر ناڤاسی گۆڵپارێزیش بفرۆشێت».

### سەرۆک رۆناڵدۆی رزگارکرد

ماڵپەڕی DIARIO GOLی ئیسپانی، ئاشکرایکردووە سەرەڕای ئەوەی دواجار یانەی ریال مەدرید گرێبەستی کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی نوێکردەوە، بەڵام لە راستیدا ئەم کارە دوای مشتومڕێکی زۆر لەنێوان ئەندامانی دەستەی کارگێڕی یانەکەدا بەئەنجام گەیشت. ئەو ماڵپەڕە دەڵێت «هەندێک لە بەرپرسانی ریال مەدرید داوایان دەکرد گرێبەستەکەی رۆناڵدۆ نوێ نەکرێتەوەو پێیان باشبوو لە وەرزی 2018 ـ 2019 بیفرۆشن».

رۆناڵدۆی تەمەن 31 ساڵان، بە گرنگترین یاریزانی ریال مەدرید دادەنرێت، لەوەتەی لە ساڵی 2009 پەیوەندی بە ریزەکانی تیپەکەوە کردووە، 2 جار نازناوی چامپیۆنسلیگی لەگەڵدا بردووەتەوەو هەر لەوێ 2 جار خەڵاتی باڵۆن دۆری بەدەستهێناوە. بەڵام ماڵپەڕەکە ئاماژە بەوە دەکات «ئەو بەرپرسانەی ریال مەدرید نەیاندەویست رۆناڵدۆ تاوەکو تەمەنی 36 ساڵی لە ریال مەدرید بمینێتەوە، لەبەرئەوەی مووچەی ساڵانەی زۆرەو خۆی لە 20 ملیۆن یۆرۆ دەدات، بەمەش لەئەستۆگرتنی خەرجییەکانی لە ماوەی 5 ساڵی داهاتوو ئەستەم دەبێت، زێدەباری ئاستی ناجێگیری لەگەڵ تیپەکەی». وەک ماڵپەڕەکە باسیدەکات «لە کۆتاییدا فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی ریال مەدرید بڕیاری یەکلاییکەرەوەی داوەو بە یاریدەدەرەکانی گوتووە رۆناڵدۆ شایەنی ئەوەیە بە گرێبەستێکی درێژخایەن و گەورە خەڵات بکەین».

تەنانەت ئەو ماڵپەڕە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە ئەو بەرپرسانەی دژی نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی رۆناڵدۆ بوونە، بە پیرێزیان گوتووە «بەبوونی گاریس بەیل و تازەکردنەوەی گرێبەستەکەی تاوەکو ساڵی 2022، ئەو لە ساڵانی داهاتوودا دەبێتە سەرکردەی ریال مەدرید و دەتوانین لە ساڵی 2018 رۆناڵدۆ بفرۆشینە یانەیەکی چینی». ماڵپەڕەکە باسی ئەوەش دەکات، کە ئەوان هەروەها بە پیرێزیان گوتووە «یانەکانی چین بەو پارە زۆرەی هەیانە، دەرفەتی گرێبەستکردن لەگەڵ رۆناڵدۆ لە کیسی خۆیان نادەن، ساڵی 2018 کە ئەوکات تەمەنی رۆناڵدۆ دەبێتە 33 ساڵ بەلایەنی کەمەوە بە 80 ملیۆن یۆرۆ دەفرۆشین».

### بنزیمەش بۆ فرۆشتنە

لەلایەکی دیکەوە هەمان سەرچاوە ئاشکرایکردووە، سەرۆکی ریال مەدرید، بەنیازە هێرشبەری فەرەنسی کەریم بنزیمە بفرۆشێت. ماڵپەڕی DIARIO GOLی ئیسپانی، باس لەوە دەکات، فلۆرەنتینیۆ پیرێز چاوەڕێی تەواوبوونی

«هەندێک لە بەرپرسانی ریال مەدرید دەیانویست رۆناڵدۆ بە 80 ملیۆن یۆرۆ بفرۆشنە یانەیەکی چینی»

ئەو سزایە دەکات، کە بەسەر ریال مەدریددا سەپێندراوە، بەوەی لە ماوەی دوو گواستنەوەی داهاتوودا ناتوانێت گرێبەست لەگەڵ هیچ یاریزانێکدا واژووبکات.

بنزیمە هەر لەو کاتەوە کە ساڵی 2009 لە یانەی لیۆنی فەرەنسییەوە پەیوەندی بە ریال مەدریدەوە کردووە، پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ سەرۆکی یانەکە هەبووە، کە زۆرجار لەو هێرشانەی کراونەتە سەری داکۆکی لێکردووە، زیاتر لە جارێکش رازی نەبووە بڕوات، زێدەباری پشتیوانیکردنی لە کێشەی ئابڕووچوونی سێکسی، کە لە یۆرۆی 2016ی فەرەنسای بێبەشکرد. بەڵام ئێستا پیرێز پێیوایە ریال مەدرید هێرشبەرێکی بەهێزی وەک مۆراتای هەیە، کە توانی لە یوڤانتۆسەوە بگەڕێنێتەوە. زێدەباری بوونی لۆکاس ڤاسکێز، لەگەڵ کڕینی هێرشبەرێکی بەهێز لە میرکاتۆی زستانەی ساڵی 2018. واتە پیرێز دەیەوێ باڵێکی BBC بفرۆشێت و ئیدی بیکاتە MBC.

### چارەنووسی زیدان لە مەترسیدایە

ئەو ماڵپەڕە باس لە زیدانی راهێنەریش دەکات و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دوای یەکسانبوونی لەناکاو بەرامبەر یانەی لیگا وارسۆی پۆڵەندی 3 ـ 3 لە چامپیۆنسلیگدا، ئەسپی زیدان کەوتووەتە بەر رەشەبای پیرێز و بیر لە لادانی دەکاتەوە.

بەپێی ماڵپەڕەکە ئەم وەرزە بۆ زیدان زۆر گرنگە، دەبێت نازناوی لیگا بەدەستبهێنێت، بۆ ئەوەی مانەوەی بۆ ساڵانی داهاتوو مسۆگەر بکات، ئەگەرنا لادانی لەسەر کارەکەی مسۆگەر دەبێت. تەنانە هەندێک لەو راهێنەرانەشی دەستنیشانکردووە، کە یەکێکیان جێگەی زیدان دەگرێتەوە، کە ئەمانەن: ماوریسیۆ پۆکیتینۆی راهێنەری تۆتێنهام. تۆماس توخێلی راهێنەری بورۆسیا دۆرتمۆند. ئۆنای ئێمریێ راهێنەری پاریس سانجێرمان. ماوریسیۆ ساری راهێنەری ناپۆلی، یان مارسیلۆ بیێلسای راهێنەری ئەرجەنتینی، کە ئێستا بێ تیپە و لە ماڵەوە دانیشتووە.

### گلۆرەی ناڤاس کەوتووەتە لێژی

کێشەکانی یانەی شاهانە بەردەوامن، ئەمجارە قەیرانەکان بەرۆکی کایلۆر ناڤاسی گۆڵپارێزیان گرتووە، بەهۆی پاشەکشەکردنی بەرچاوی ئاستی دوای گەڕانەوەی لە پێکان.

دەزگاکانی راگەیاندنی ئیسپانیا ئاماژە بەوە دەکەن، لەم ماوەی دواییدا یاریزانانی ریال مەدرید متمانەیان بە تواناکانی ناڤاس نەماوەو پێیانباشە ئیدی پشت بە کیکۆ کاسیا ببەستن، نەخاسمە کە ئەو لە سەرەتای ئەم وەرزەدا ئاستێکی نایابی پێشکەشکردووە، ئەوکاتەی زیدان لە جیاتی ناڤاسی پێکراو پشتی پێدەبەست.

کاسیاش دەرفەتی ئامادەنەبوونی ناڤاسی بە باشترین شێوە قۆستەوەو توانی لە زۆربەی تاقیکردنەوەکان سەرکەوتوو بێت، بۆیە پێشبینی دەکرێت زیدان لە نزیکترین دەرفەتدا بڕیارێک، لە سەر گۆڵپارێزی سەرەکی لەماوەی داهاتوودا بدات، بەتایبەتی دوای زیادبوونی گوشارەکانی کارگێڕی بۆ دوورخستنەوەی ناڤاس تاوەکو ئاستی باش دەبێتەوە. تەنانەت چەند راپۆرتێکی رۆژنامەڤانی باس لەوە دەکەن «لەوانەیە ئەم وەرزە دوایین وەرزی ناڤاس بێت لە ریزەکانی شاهانەدا».

## دۆڕاندن چارەنووسی مێسی و هاوڕێکانی دەخاتە مەترسییەوە..

# تانگۆ بەرامبەر سامبا کلاسیکۆی مەرگ ئەنجامدەدات





**ئا: رووداوی وەرزشی**

کلاسیکۆی ئەمریکای باشوور، کە بە کلاسیکۆی جیهان دەناسرێت، بەو پێیەی دوو لە گەورترین قوتابخانەکانی تۆپی پێ لە مێژوودا رووبەڕووی یەکدی دەکاتەوە، لەوانەیە ئەمجارە لە هەموو کلاسیکۆکانی پێشووتر جیاواز بێت، بەو پێیەی چارەنووسی هەڵبژاردەی تانگۆ و یەکێک لە گەورەترین یاریزانانی مێژووی تۆپی پێ دەخاتە مەترسییەوە، ئەویش لیۆنێل مێسی کاپتنی هەڵبژاردەی ئەرجەنتینە.

کلاسیکۆی ئەمجارە، لەلایەن زۆر لە میدیا و دەزگاکانی راگەیاندنەوە، بە «کلاسیکۆی مەرگ» ناوبراوە، بەو پێیەی ئەگەر مێسی و ئەرجەنتین نەتوانن لە نەیمار و بەرازیل ببەنەوە، چارەنووسیان دەکەوێتە مەترسییەوەو دوور نییە، ئەرجەنتین لە بەشداریکردن لە مۆندیالی 2018ی رووسیا بێبەش بێت. ئەوکاتیش خەونی مێسی کۆتایی دێت، چونکە ئەو مۆندیالە دوا دەرفەتە بۆ ئەو تاوەکو بتوانێت جامی جیهانی بۆ وڵاتەکەی بباتەوە.

وادیارە ئەرکی مێسی و هاوڕێیانی لەم گەڕەی پاڵاوتنەکانی ئەمریکای باشوور بۆ مۆدنیالی 2018 زۆر زەحمەتە، بەو پێیەی دوور لە خاک و جەماوەری خۆیان رووبەڕووی هەڵبژاردەی بەرازیلی پێشەنگی هەڵبژاردەکان دەبنەوە، بۆیە پێویستە یاری مەرگ ئەنجام بدەن، چونکە بە بردنەوە جارێکی دیکە داری هیواکانیان سەوز دەکەنەوە.

### بەرازیل ـ ئەرجەنتین

«هەموو شتێک لە نێوانماندا هەیە، هیچ شتێکیش لەیەکمان جیا ناکاتەوە» سەرۆکی ئەرجەنتین رۆکی ساینز بینیا ساڵی 1909 لەبارەی پەیوەندی نێوان وڵاتەکەی و بەرازیل ئەو قسەیەی کردووە، بەڵام ئەو وتەیە بە گوێچکەکانی تۆپی پێ لە هەردوو وڵاتدا نەچوو، چونکە یاری نێوانیان زیاتر لە جەنگ دەچێت و بە «جەنگی ئەمریکای باشوور» ناسراوە، بەرازیل بە (سیلیساو و سامبا) و ئەرجەنتینیش بە (بیسیلیستی و تانگۆ) ناسراون. یەکێتی تۆپی پێی ئەرجەنتین AFA ساڵی 1893 دامەزراوە، یەکێتی تۆپی پێی بەرازیلیش CBF لە ساڵی 1914 دامەزراوە. درێسی فەرمی بەرازیل زەردەو درێسی ئەرجەنتینیش شینی ئاسمانی و سپییە.

### رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆ

هەردوو هەڵبژاردە لە 103 یارییدا رووبەڕووی یەکدی بوونەتەوە (97 یاری فەرمی، بەرازیل 36ی بردووەتەوە، ئەرجەنتین 36 یاری بردووەتەوەو لە 25 یاریشدا یەکسانبوونە. بەرازیل 148 گۆڵی کردووەو ئەرجەنتینیش 152 گۆڵی کردووە). هەروەها لە 6 یاری نافەرمیدا (بەرازیل 2 یاری بردووەتەوە، ئەرجەنتین 4 یاری بردووەتەوەو لە هیچ یارییەکیش یەکسان نەبوونە، بەرازیل 12 گۆڵ و ئەرجەنتینیش 20 گۆڵی تۆمارکردووە).

بەشێوەیەکی گشتی هەردوو هەڵبژاردە 103 یارییان ئەنجامداوە (بەرازیل 40 یاری بردووەتەوەو ئەرجەنتین 38 یاری بردووەتەوە، لە 25 یاریش یەکسانبوونە، بەرازیل 160 گۆڵی کردووە، بەرامبەر بە 172 گۆڵ بۆ ئەرجەنتین).

بەرازیل و ئەرجەنتین لە مۆندیالەکان 8 جار بەرامبەر یەکدی یارییان کردووە (بەرازیل 5 یاری بردووەتەوە، ئەرجەنتین 2 یاری بردووەتەوە، لە یەک یاریش یەکسان بوونە).

لە کۆپا ئەمریکاش 30 جار رووبەڕووی یەکدی بوونەتەوە (بەرازیل 8 یاری بردووەتەوە، ئەرجەنتین 15 یاری بردووەتەوە، لە 7 یاریش یەکسانبوونە).

ساڵانی حەفتاکان خراپترین ماوە بوو بۆ ئەرجەنتین، چونکە لەو ساڵانەدا هەردوو هەڵبژاردە لە 10 یاری رووبەڕووی یەکدی بوونەتەوە (بەرازیل 6 یاری بردووەتەوە، لە 4 یاریش یەکسانبوونە، ئەرجەنتین هیچ یاری نەبردووەتەوە).

### گەورەترین بردنەوە

گەورەترین بردنەوەی ئەرجەنتین 6 ـ 1 گۆڵ لە ساڵی 1940 و 5 ـ 1 گۆڵ لە ساڵی 1939 بوو. گەورەترین بردنەوەی بەرازیلیش 6 ـ 2 گۆڵ لە ساڵی 1940 و 4 ـ 1 گۆڵ لە ساڵی 1960بوو.

یەکەم یاری نێوان هەردوو هەڵبژاردە یارییەکی دۆستانە بوو، رۆژی 1914/9/20 لە ئەرجەنتین بەڕێوەچوو، کە ئەرجەنتین 3 ـ 0 گۆڵ یارییەکەی بردەوە. دوایین یارییش لە پاڵاوتنەکانی کیشوەری ئەمریکای باشوور بۆ مۆندیالی 2018 لە بۆینس ئایرس بوو، رۆژی 2015/11/14 بەڕێوەچوو، کە 1 ـ 1 گۆڵ یەکسانبوون.

### نازناوەکان

هەردوو هەڵبژاردە، خاوەنی چەندین نازناون لەسەر ئاستی کیشوەری ئەمریکای باشوور و جیهان، ئەمەی خوارەوە کۆی گرنگترینیانە:

| پاڵەوانیەتی | بەرازیل | ئەرجەنتین |
|---|---|---|
| مۆندیال | 5 | 2 |
| کۆپا ئەمریکا | 8 | 14 |
| جامی کیشوەرەکان | 4 | 1 |
| ملوانکەی زێری ئۆلۆمپیاد | 1 | 2 |



## مەبەستیان بەرپرسانی ئەی سی میلانە..

# «ئۆبامیانگ سەلماندی کە ئێوە گەمژەن»

**رووداوی وەرزشی ـ DW**

«ئۆبامیانگ سەلماندی کە ئێوە گەمژەن»، ئەوە ئەو رستەیە کە زۆر لە هاندەرانی یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئاراستەی بەرپرسانی یانەکەیان کردووە، بەهۆی ئەو ئاستەبەرزەی پییێر ئۆبامیانگی هێرشبەری گابۆنی یانەی بورۆسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی لەم رۆژانەدا پێشکەشی دەکات.

دوای ئەوەی ئۆبامیانگی هێرشبەری یانەی بورۆسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی لە گەڕی 10ی بۆندسلیگادا سوپەر هاتریکی لە یانەی هامبۆرگ تۆمارکرد، هەندێک لە هەوادارانی یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی رقی خۆیان لە بەرپرسانی یانەکەیان رشت، بەهۆی ئەوەی کە پێشتر ئەو یاریزانەیان بە نرخێکی هەرزان لەدەستداوە. ئەو هەوادارانەی میلان لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە گاڵتەیان بە بەرپرسانی یانەکەیان کردو بە گەمژە ناویانبردن، چونکە وەک ئەوان نووسیویانە «بەرپرسانی میلان.. ئۆبامیانگ سەلماندی کە ئێوە گەمژەن، ئێوە ساڵی 2011 ئۆبامیانگتان بە تەنیا یەک ملیۆن یۆرۆ دایە یانەی سانت ئیتیانی فەرەنسی، گوایە یاریزانێکی خراپە، کەچی ئێستا نرخەکەی گەیشتووەتە زیاتر 80 ملیۆن یۆرۆ».

ئۆبامیانگ، ئەمساڵ ئاستێکی سەرسوڕهێنەر لەگەڵ یانەکەی پێشکەش دەکات و تاوەکو ئێستا لە 9 یاری بۆندسلیگادا 11 گۆڵی تۆمارکردووەو پێشەنگی ریزبەندی گۆڵکارانی خولەکەی گرتووە.

KOREK

ڕووداو وەرزشی
ژمارە ( 423 )
سێشەممە 2016/11/8



## درۆیە

ڕۆناڵد کۆمانی ڕاهێنەری یانەی ئێڤێرتۆنی ئینگلیزی هەموو ئەو دەنگۆیانە ڕەتکردەوە کە باس لە ڕۆیشتنی ڕۆمیلۆ لۆکاکۆی هێرشبەری بەلجیکی لە میرکاتۆی زستانەدا لە یانەکەی دەکەن و گوتی «درۆیە، لۆکاکۆ ڕیزەکانی ئێڤێرتۆن جێناهێڵێت. بێگومان شتێکی ئاساییە کە زۆر یانە داوای هێرشبەرێکی وەک لۆکاکۆ بکەن، چونکە هەموو ڕاهێنەرێک حەزدەکات هێرشبەرێکی وەک ئەوی هەبێت، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئەو دەیەوێ بڕوات. بەدڵنیاییەوە لۆکاکۆ بەلای کەمەوە تا کۆتایی ئەم وەرزە لەگەڵ ئێڤێرتۆن دەمێنێتەوە».



### نەیمار و سوارێز ناکۆکن..

# بارودۆخی MSN ناڵەبارە

**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**

چەند ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەڤانی ئیسپانی ئاشکرایانکردووە کە سەرەڕای ئەوەی سێکوچکەی بارسێلۆنا، کە بە MSN ناسراوە، وەک پێشتر لەنێو یاریگەدا تەبا و هاوکار دەردەکەون، بەڵام لە ڕاستیدا کێشەیەک کەوتووەتە نێوان دوو باڵی و دەڵێن «نەیمار و سوارێز ناکۆکن».

بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتە ڕۆژنامەڤانیانە، ئەستێرەی بەرازیلی نەیمار دا سیلڤا، نهێنی پەیوەندی خۆی لەگەڵ هاوڕێیەکەی لە بارسێلۆنا لویس سوارێزی شاردووەتەوە، دوای ڕووداوی ڕاهێنانەکان لە مانچێستەر، کە هەفتەی ڕابردوو بارسا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مانچێستەر ستی ئینگلیزی لە چوارچێوەی چامپیۆنسلیگدا گەشتی شارەکەی کردبوو. ئەو ڕاپۆرتانە نووسیویانە «پەیوەندی نێوان ئەو دووانە ئێستا زۆر باش نییە، بە هۆی کردەوەکەی سوارێز لەگەڵ نەیمار لە ئینگلتەرا، کە لە دوایین ڕاهێنانی پێش یاری مانچێستەر ستی، سوارێز شەقی لە خوارەوەی قاچی نەیمار دا، بەڵام نەیمار سەرنجی بوونی کامێرای دا، بۆیە کاردانەوەی خۆی شاردەوەو بێدەنگ بوو، وەکو ئەوەی تەنیا گاڵتەیەک بووبێت». ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن، شتەکە لەلای نەیمار گەشەی کردووەو ئێستا لە دەرەوەی یاریگە، پەیوەندی لەگەڵ لایەکی سێکوچکەی هێرشبردنی بارسێلۆنا باش نییە نووسیویانە «ئەمەش وایکردووە بارودۆخی MSN ناڵەبار بێت».

چاودێران پێشبینی دەکەن، ئەو ناکۆکییە ئەگەر درێژە بکێشێت کاریگەری نەرێنی بەسەر ئاستی MSNوە هەبێت، کە بێگومان ئەوەش ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی بەسەر ئاستی بارساوە دەبێت، بەڵام پێشبینی دەکرێت هاوڕێیانی نەیمار و سوارێز، بەتایبەتیش لیۆنێل مێسی، کە باڵی سێیەمی سێکوچکەکەیە، ڕۆڵی خۆیان ببینن لە ئاشتکردنەوەی ئەو دوو یاریزانە.





### بەهۆی هەڵچوون و زۆر هاوارکردنەوە..

# ژیانی کۆنتی لە مەترسیدایە

**ڕووداوی وەرزشی ـ DAILY MAIL**

ئەنتۆنیۆ کۆنتی، ڕاهێنەری یانەی چێڵسی، تەندروستی خۆی دەخاتە بەر مەترسییەکی گەورە، بەهۆی هەندێ لەو کردەوانەی لە کاتی یارییەکانی تیپەکەی ئەنجامیان دەدات. پزیشکانیش هۆشداری ئەوەی پێدەدەن کە مەترسییەکی گەورە هەڕەشە لە ژیانی دەکات.

کۆنتی ئاشکرایدەکات کە هەڵچوونی زیاد بە توندی هەڕەشە لە سەلامەتی دڵی دەکات، لەبەر ئەوەی لە کاتی یارییەکاندا ناتوانێت کۆنترۆڵی هەڵچوونی خۆی بکات، بۆیە هەندێجار شتی مەترسیداری وەک هاوارکردنی بەهێز، یان هەستکردن بە تووڕەیی و دڵخۆشی زۆریش دەکات. کۆنتی دەڵێت «هەندێجار بیر لەوە دەکەمەوە ئامێرێک بۆ پێوانی ژمارەی لێدانەکانی دڵم لە کاتی یارییەکان دابنێم، چونکە دڵنیام ژمارەی لێدنەکانی دڵم لە کاتی یارییەکان، هاوتای ژمارەی لێدانەکانی دڵی یاریزانانی تیپەکەمە، چونکە فشاری مێشک و نیگەرانی زۆرم بەسەردا دێت لە کاتی یارییەکاندا».

کۆنتی هەوڵدەدات پارێزگاری لە تەندروستی خۆی بکات، ئەویش لە ڕێگەی خواردنی خۆراکی تەندروست، بۆ ئەوەی جەستەی بە بەهێزی بمینێتەوەو بتوانێت بەرگەی هەموو ئەو هاوارکردن، هەڵچوون و نیگەرانییەی یارییەکان بگرێت. کۆنتی پێیوایە زۆریش جوولە دەکات لە کاتی ڕاوەستانی لەسەر هێڵی یاریگە، بۆ چاودێکردنی یارییەکانی تیپەکەی، ئەوەش وا دەکات هەوڵی جەستەیی زۆر بدات و ببێتە هۆکارێک بۆ بەهێزبوونی ماسوولکەکانی دڵی.

قسەکردنی کۆنتی لەسەر هەڵچوونەکانی لەخۆڕا نییە، چونکە ئەو یەکێکە لەو ڕاهێنەرانەی کە زۆرترین کاردانەوەی هەیە لە کاتی یارییەکاندا، جارێکیان لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیتاڵیا بە تووڕەیی تۆپێکی هاویشتە نێو یاریگە، وەک نارەزاییەک لەسەر ئاستی یاریزانەکانی. جارێکیش زۆر بە گۆڵێکی تیپەکەی دڵخۆش بوو، بە ڕادەیەک ڕایکردو خۆی هاویشتە نێو جەماوەر، کە خەریکبوو ئەزیەتی پێبگەینێت.

ڕەنگە کۆنتی هەوڵبدات هەڵچوونەکانی خۆی کەمێک ئارام کاتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی پزیشکان هۆشدارییان دایە، نابێت بەردەوام بەمشێوەیە هەڵسوکەوت بکات. لێدوانێکی کۆنتی لەو ماوەی دوایی ناوبانگی پەیداکرد کە گوتی «ئەگەر دەتانەوێ لە دەرخستنی هەست و سۆزم بێبەشم بکەن، دەچمە ماڵەوە بە دوای کارێکی دیکە دەگەڕێم لەجیاتی ڕاهێنەرایەتی».

### چێڵسی یارمەتی دەدات

یانەی چێڵسی ئینگلیزی ناچار بووە، بڕێکی باش لە جۆرە شیرینیەکی خۆشەویست لەلای کۆنتی هاوردە بکات، بۆ ئەوەی داواکارییەکانی جێبەجێ بکات، کە یارمەتی دەدات پارێزگاری لە دەنگی خۆی بکات، کە لە کاتی یارییەکانی چێڵسی لە پرێمەرلیگ هیچ ناسرەوێت.

کۆنتی کە بە هاوارکردنی بەردەوام لە کاتی یارییەکان بەناوبانگە، سەری سوڕما کاتێک زانی ئەو شیرینیەی زۆر حەزی لێیەتی و یارمەتی دەدات، پارێزگاری لە (ژێیەکانی دەنگی) بکات، لە ئینگلتەرا نافرۆشرێت، بۆیە داوای لە یانەکەی کرد بڕی پێویستی بۆ هاوردە بکات، وەک ئەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بەریتانیا بڵاویانکردووەتەوە. چێڵسیش بە دەنگ داواکەی کۆنتی چوو و چەند کیسەیەکی گەورەی لە شیرینی (ئەمبۆسولی) لە ئیتاڵیاوە هێنایە لەندەن، چونکە لە ئینگلتەرا بە باشی دەست ناکەوێ، بۆ ئەوەی داواکارییەکانی ڕاهێنەرە بە ژاوەژاوەکەی جێبەجێ بکات.

بە گوێرەی ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی بێت، کۆنتی ڕۆژانە لە یاریگەی ڕاهێنانی تایبەت بە یانەکە ئەو (شیرینیە بچووکە بەتامی هەنگوین) دەخوات، ئەوەش بەهۆی هاوارکردنی زۆر لە کاتی ڕاهێنانەکان، بەسەر یاریزانەکانی بۆ ڕێنمایی کردنیان، ئەوەش وا دەکات دوا ئەو هەموو هاوارکردنە، نەتوانێت بە باشی قسە بکات.

> "چێڵسی جۆرە شیرینییەک وەک چارەسەر بۆ کۆنتی لە ئیتاڵیاوە هاوردە دەکات"

ۆتام

ی

بنم

...هۆی ئەو وەفادارییە
... ئاستی یاریکردن و
...نتینی زیاتر شایەنی

...یارییە. بەسەرهاتێکی
...پێشووی هەڵبژاردەی
...ێکی چەند گەورەو گرنگ

...یتاڵی بوو، بە بەرپرسانی
...چیۆتان بۆ بەدەستدێنم».
...ۆتایان بۆ هێنا، کاپێلۆش
...یتاڵیاشی بردەوە. کە
...ەکلاییکەرەوە بوون،
...جەنتینی یانەی لازیۆ



لەوانەیە ئەمساڵ باڵۆن دۆر بۆ کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بێت، بەڵام ساڵی داهاتوو لیۆنێل مێسی هیچ ڕکابەرێکی نابێت

**محەممەد ئەبوتریکە**
(کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی میسر)



من لە مێژە زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ دەناسم، ئەو کەسێکی لەخۆبایی و خۆبەزلزانە، بەڕاستی پیاوێکی خراپە

**سیمۆن کایێر**
(بەرگریکاری یانەی فەنەربەخچە)



کە یەکەمجار کاکا هاتە مەشقەکانی میلان بە سیدۆرفم گوت ئەو بۆکەڵەیە چییە؟ کەچی بینیم لە پێشبڕکێی ڕاکردن بە ئاسانی پێش ماڵدینی کەوت

**جینارۆ گاتۆزۆ**
(یاریزانی پێشووی یانەی میلان)



لە هەر یارییەکدا بلیند و ڕۆخۆ لە دڵی بەرگری یاری بکەن، مانچێستەر یونایتد بەلای کەمەوە پێویستی بە 3 گۆڵە تاوەکو یارییەکە بباتەوە

**پۆل سکۆلز**
(یاریزانی پێشووی مانچێستەر یونایتد)



مۆرینیۆ وەک گۆرانیبێژێک دێتە پێش چاوم کە لە حەفتاکاندا گۆرانییەکی زۆر خۆش و سەرکەوتووی گوتبێت و قەت نەتوانێت دووبارەی بکاتەوە

**لیۆناردۆ**
(یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی بەرازیل)



هێشتا هەندێک لە خەڵکی بارسێلۆنا جنێوم پێدەدەن، تەنانەت هەندێک لە یاریزانە هاوڕێکانیشم قسەم لەگەڵ ناکەن

**لویس فیگۆ**
(کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی پورتوگال)



## خراپ نییە

زۆر لە هاندەرانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی گلەیی ئەوە لە زینەدین زیدانی راهێنەری یانەکەیان دەکەن کە جیاوازی دەخاتە نێوان کەریم بنزیمە و ئەلڤارۆ مۆراتا، گوایە بەشێوەی سەرەکی یاری بە بنزیمە دەکات لە کاتێکدا مۆراتا باشترە، بەڵام لە راستیدا ئامارەکان وا ناڵێن و ئەو راستییە دەردەخەن کە بنزیمە هێشتا بەو راددەیە خراپ نییە، تەنانەت ئامارەکانی لە مۆراتا باشترن. بنزیمە تاوەکو ئێستا لە لیگادا 462 خولەک یاریکردووە 4 گۆڵ و ئەسیستێکی هەیە. لە کاتێکدا مۆراتا 550 خولەک یاریکردووەو 4 گۆڵ و ئەسیستێکی هەیە.



## کاراسکۆ

# ئەسپە بەهرەمەندەکەی سیمیۆنی

**«سیمیۆنی تۆرانی بە گران فرۆشتە بارسا و کاراسکۆی بە هەرزان لە مۆناکۆ کڕی کە لە هەموو روویێکەوە لەو باشترە»**

ئا: رەمزی میرەکانی

دییێگۆ سیمیۆنی، بەتوندی گاڵتە بە رەخنەگرانی دەکات، ئەوانەی دەڵێن «بەردەوام پەنا بۆ بەرگریکردن دەبات». ئەو پێیوایە تیپەکەی زیاتر بە هێرشبردن یاری دەکات نەک بەرگریکردن، کە بێگومان ئەوەش بەهۆی کاراسکۆیە، کە ئێستا بە «ئەسپە بەهرەمەندەکەی سیمیۆنی» ناودەبرێت.

سیمیۆنی دەڵێت «هەندێک لەبیریان دەچێتەوە لە رابردوودا چی روویداوە، لە ساڵی 2012 بەیەکجار بە 5 هێرشبەر یاریمان کرد، بەڵام هەندێک تەنیا یەک یان دوو یارییان لەبیر ماوە». دوور لە لێدوانەکانی چۆلۆ، ئەتلەتیکۆ مەدرید ئەو وەرزە سەلماندی تیپێکە دەتوانێت، گەلەکۆمەی بەرگری بشکێنێت، چاکەی ئەوەش بۆ یاریزانی یەکەمی ئێستای، یانیک فیرێرا کاراسکۆ دەگەڕێتەوە.

### ئەزموونی بەلجیکی

لە سەرەتای هەزارەی تازەوە، تۆپی پێ لە بەلجیکا گەشەی کردووە. هەنگاوی یەکەم بایەخدان بە کەرتی تازەپێگەیشتووان بوو، لە رێگەی دروستکردنی چەند ئەکادیمیایەک، بۆ برەودان بە بەهرەی یاریزانە بچووکەکان و سوود وەرگرتن لە بەهرەکانیان. لەو بوارەشدا یانەکانی ستاندەر لییج و جینیک دەرکەوتن، ئەویش بە گەڕان بەدوای یاریزانە لاوەکان و بایەخدان پێیان، لە رووی وەرزشی، تەندروستی، دەروونی و هونەرییەوە. دوای گەیشتن بە قۆناخی ئاستبەرزی، پرۆسەی بەخواستن دان یان فرۆشتنیان بۆ تیپەکانی ئەوروپا دەستپێدەکات. لەگەڵ باشبوونی داهاتی دارایی و دروستکردنی ناوەندەکانی تازەپێگەیشتووان، کۆمەڵێک رێککەوتن لەنێوان یانەکانی بەلجیکاو هاوتا ئەوروپییەکانی، بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموون و یاریزانە لاوەکان کرا، ئەوە بەسەر کاراسکۆدا هات، کە بە بچووکی لە ریزەکانی جینیک دەستپێکرد، بەر لەوەی پەیوەندی بە ریزەکانی تیپی دووەمی مۆناکۆی فەرەنسییەوە بکات، دوای دوو ساڵ چووە ریزی گەورەکان.

### وەرزێکی خەیاڵی

کاراسکۆ لە مۆناکۆ ناوبانگی پەیداکرد، ئەمەش زوو سەرنجی ئەتلەتیکۆ مەدریدی راکێشا، ئەتلەتیکۆ زۆر بە زیرەکایەتی مامەڵە لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕ دەکات، هەر کاتێک دەستبەرداری ناوێکی گەورە بێت بە بڕە پارەیەکی باش، بە یاریزانێکی لاوی خاوەن ئایندەیەکی باشتر و بە نرخێکی کەمتر قەرەبووی دەکاتەوە، بۆیە کاتێک ئاردا تۆرانی فرۆشتە بارسیلۆنا، یانیک کاراسکۆی لە مۆناکۆ کڕی، بەمەش یاریزانێکی باشتری لەسەر هەموو ئاستەکان بەدەستهێنا. کاراسکۆ ئەو وەرزە ئاستێکی تایبەت پێشکەش دەکات، تاوەکو ئێستا لە لیگا 3 گۆڵی کردووەو 2 گۆڵیشی دروستکردووە، لەگەڵ 2 گۆڵ لە چامپیۆنسلیگ، بەمەش هەر زوو بووە یەکێک لە دیارترین ئەستێرەکانی تیپەکەی سیمیۆنی. یاری مەلەگە لە لیگا بە راگەیاندنی فەرمی رۆڵی تازەی کاراسکۆ لە پلانی 4 ـ 4 ـ 2 دادەنرێت.

### رزگارکەر

دوای دەرکردنی ساڤیچ بەرامبەر مەلەگە، سیمیۆنی زوو بیری لە چارەکان کردەوە، لۆکاسی هێنایە دواوەو ئەستێرەی یەکەم ئەنتوان گریزمانی دەرهێنا، بەمەش کاراسکۆ تاوەکو کۆتایی مایەوە. هەرچەندە زۆر کەس رەخنەیان لەو هەنگاوەی سیمیۆنی گرت، کەچی کاراسکۆ وەڵامی هەموو رەخنەگرانی دایەوەو بە گۆڵێکی نایاب لە کۆتا خولەکەکان پێشەوایەکەی رزگارکرد. کاراسکۆ یاریزانێکی خێراو بەهرەمەندە، بۆیە لە رووبەڕووبوونەوەی تاک بەتاکدا جیاوازی دروست دەکات، چونکە یاریزانێکی خێرا و چوستە و زوو دەتوانێت لە بەگریکردنەوە بچێتە هێرشبردن. ئەگەر کاراسکۆ لەسەر ئاستی ئێستای بمێنێتەوە، لە ساڵانی داهاتوودا دەبێتە ئەستێرەیەکی درەوشاوەی جیهانی تۆپی پێ.

**«پێشبینی دەکرێت کاراسکۆ لە ساڵانی داهاتوودا ببێتە ئەستێرەیەکی درەوشاوەی جیهانی تۆپی پێ»**

بۆ ئەو مەبەستە نەشتەرگەری جوانکاری کردووە..

# یاریزانێکی مان یونایتد نایەوێ کەس بیناسێتەوە



رووداوی وەرزشی ـ MU4

بۆ خۆدزینەوە لە کارەساتی تۆپی پێی، یاریزانێکی پێشووی بەناوبانگی چینی، نەشتەرگەرییەکی جوانکاریی دەموچاوی ئەنجام دا، بەهیوای دەستکردن بە سەرەتایەکی تازە.

دۆنگ فانگ چو، ساڵی 2004 لە یانەی دالین شیدی چینییەوە چووە ریزەکانی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی، بەڵام تەنیا 3 یاری لەگەڵی ئەنجام دا، کە یەکێکیان لە پریمەرلیگ بوو، پاشان بە خواستن چووە ریزەکانی رۆیال ئەنتۆیربی بەلجیکی، کە لەگەڵیدا توانی نازناوی گۆڵکاری یانە پلە دووەکان بەدەستبێنێت.

ئەو تاکە یارییەی چو لەگەڵ مانچێستەر یونایتد لە پریمەرلیگ ئەنجامی دا، یارییەکی گرنگ نەبوو بەرامبەر چێڵسی لە ئایاری 2007، چونکە مانچێستەر یونایتد نازناوی پریمەرلیگی یەکلاییکردبووەوە، بۆیە یاریزانانی چێڵسی رێڕەوێکی شەرەفیان بۆ یاریزانانی مانچێستەر یونایتد دروستکرد، دۆنگیش یەکێک لە تێپەڕبووانی بوو. دوای ئەوەی دۆنگ لەگەڵ یونایتد متمانەی بەخۆی نەما، ساڵی 2008 گەڕایەوە یانەی پێشووی، بەڵام نەیتوانی بگەڕێتەوە سەر ئاستی جارانی، بۆیە چەند یانەیەکی گۆڕی، بەر لەوەی لە وڵاتی خۆی لەگەڵ هەپی چاینا فۆرچن وەک دوایین وێستگەی لە ساڵی 2014 یاری بکات.

بە گوێرەی رۆژنامەی مارکای ئیسپانی، دۆنگ بۆیە نەشتەرگەری جوانکاری ئەنجام داوە، بۆ ئەوەی شێوەی خۆی بگۆڕێ و کەس نەیناسێتەوەو قەبارەی ئەو گاڵتەکردنە کەم بکاتەوە، کە بەهۆی شکستی لە تۆپی پێ رۆژانە پێی دەکرێت.

**54 ملیۆن و 361 هەزار بلیتیان کڕیوە..**

# جەماوەری بۆکا جۆنیۆرز وەفادارترینی جیهانە



رووداوی وەرزشی ـ TANGO

هاندەرانی یانەی بۆکا جۆنیۆرزی ئەرجەنتینی، شانازی بەوە دەکەن کە وافادارترین جەماوەری جیهانن بۆ یانەکەیان. بەڵگەشیان ئەوەیە کە تاوەکو ئێستا زیاتر لە 54 ملیۆن بلیتی یاریگەی یانەکەیان کڕیوە.

هاندەرانی بۆکا جۆنیۆر دەستیان بە هەڵمەتی ئاهەنگگێڕان کردووە، بەوەی وەفادارترین جەماوەری تۆپی پێی یانەکەیانن لە جیهاندا، ئەوەش لە ژینواری توێژینەوەیەک کە ئاماژە بەوە دەکات، یانەکەیان زۆرترین بلیتی لە مێژوودا فرۆشتووە، ئەویش لە سەرووی 54ملیۆن بلیتە.

توێژینەوەکە لە ئاکامی مشتومڕی بەردەوامی نێوان هاندەرانی بۆکا و رکابەرە سەرسەختەکەی ریڤەر پلێت بوو، لەبارەی کامیان جەماوەریترین یانەن لە ئەرجەنتیندا، چاویشی خستە سەر فرۆشی بلیتی یارییەکانی هەردوو تیپ لە مێژوودا. توێژەری ئەرجەنتینی، ماریۆ ریۆس ئەو توێژینەوەیەی کردووە لەژێر سەرپەرشتی رێکخراوی (چاوخشاندنەوەی مێژوویی) تایبەتمەند لە ئاماری وەرزشی، کە سەرکەوتنی بۆکای بە جیاوازی نزیکەی 2 ملیۆن بلیت سەلماند. ئاماژە بەوەش دەکات بۆکا لە ساڵی 1917 تاوەکو ساڵی 2016 نزیکەی 54 ملیۆن و 361 هەزار بیتی فرۆشتووە، بە رێژەی 15 هەزار و 610 بلیت بۆ هەر یارییەک. بەمەش بۆکا بەپێش رکابەرەکەی ریڤەر پلێت کەوت، کە توێژینەوەکە دەریخستووە ریڤەر لە هەمان ماوەدا، بڕی 51 ملیۆن و 852 هەزار بلیتی فرۆشتووە، بە رێژەی 14 هەزار و 675 بلیت بۆ هەر یارییەک.

هەرچەندە توێژینەوەکە لەسەرئاستی لۆکاڵی لە ئەرجەنتین کراوە، کەچی هاندەرانی بۆکا هەڤرکییان راگەیاند و داوایان کردووە، ئامارەکە لەسەر ئاستی یانەکانی جیهان بگشتێندرێت، چونکە متمانەیان بەخۆیانە بەوەی زۆرترین بلیتیان کڕیوە، بۆیە وەک رێزلێنانێک شایستەی نازناوی (بەوەفاترین)ن لە جیهاندا.




بالانسەکەت کۆتایی هاتووە و دەتەوی پەیوەندی ئەنجام بدەی؟
لەگەڵ خزمەتگوزاری "گفتوگوکەت تەواو بکە" لە کورەك، دەتوانی سوود لە بالانسی زیادکراو وەرگریت.

- بۆ کاراکردنی خزمەتگوزاری "گفتوگوکەت تەواو بکە" پەیوەندی بکە بە #202*
- بری بالانسی زیادکراو 600 د.ع.
- هەرکاتی بالانسەکەت بۆ جاریکیتر پربکەیتەوە ئەوا بری بالانسی زیادکراو لە بالانسەکەت کەم دەکریتەوە.
- بالانسی زیادکراو بۆماوەی 3 رۆژ بەردەست دەبێت
- نرخی خزمەتگوزارییەکە 120 د.ع.
- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەست دەبێت بۆ سەرجەم بەشداربووانی پریپەید لەنیو توری کورەك
  - دەبی بالانسەکەت لە 60 د.ع کەمتر بیت.
  - دەبی پیشتر هیلەکەت بەلایەنی کەم 3 جار پرکردبیتەوە.
  - نابیت بەشداربوو هیچ قەرزیکی دیکە لە ئەستو مابیت.

بویربە خەون ببینە

411
korektel.com

**گرنگترین یارییەکانی هەفتە**

پالۆتنەکانی مۆندیال
کۆلۆمبیا - ئەرجەنتین
چوارشەممە 16/11/2016
AM 02:30

پالۆتنەکانی مۆندیال
عێراق - ئیمارات
سێشەممە 15/11/2016
06:20

پالۆتنەکانی مۆندیال
سعوودیە - ژاپۆن
سێشەممە 15/11/2016
01:35

پالۆتنەکانی مۆندیال
ئەرجەنتین - بەرازیل
هەینی 11/11/2016
AM 02:45

پالۆتنەکانی مۆندیال
سوێد - فەرەنسا
هەینی 11/11/2016
10:45

پالۆتنەکانی مۆندیال
سکۆتلاند - ئینگلتەرا
هەینی 11/11/2016
10:45

پالۆتنەکانی مۆندیال
جەزائیر - نایجیریا
شەممە 12/11/2016
07:00

پالۆتنەکانی مۆندیال
گانا - میسر
یەکشەممە 13/11/2016
07:00

چارلی ئادەمی یاریزانی ستۆک ستی تەمبەڵترینیانە..

# خاوترین 20 یاریزانی پریمەرلیگ

**ڕووداوی وەرزشی ـ THE TELEGRAPH**

ڕۆژنامەی تیلیگرافی بەریتانی لیستێکی بەناوی خاوترین 20 یاریزان، لەسەر ئاستی خولی نایابی ئینگلیزی بڵاوکردووەتەوە. کە تەمبەڵترین و خاوترینیان چارلی ئادەمی یاریزانی ستۆک ستییە، کە لە هەر کاژێرێکدا تەنیا ماوەی 26.72 کیلۆمەتر دەبڕێت.

لە پلەی 20 یاریزانی ئەڵمانی ئیلکای گۆندۆگان یاریزانی ناوەڕاستی مانچێستەر ستی دێت، کە هەر کاژێرێک ماوەی 35.15 کیلۆمەتر دەبڕێت. لە پلەی 19 لیۆن بریتۆن یاریزانی سوانزی ستی دێت، کە ئەم وەرزە تاوەکو ئێستا هەر کاژێرێک ماوەی 30.13 کیلۆمەتری بڕیوە. لە پلەی 18 مەمفیس دیبای یاریزانی هۆڵەندی یانەی مانچستەر یونایتد دێت، کە هەر کاژێرێک ماوەی 30.12 کیۆمەتر دەبڕێت. لە پلەی 17 یاریزانی ئیڤواری ماکس گرادل، یاریزانی ناوەڕاستی بۆرنمۆس دێت، کە هەر کاژێرێک ماوەی 30.06 کیلۆمەتر دەبڕێت. لە پلەی 16 جیمس وۆرد برۆس یاریزانی ساوسهامبتۆن دێت، کە هەر کاژێرێک ماوەی 29.00 کیلۆمەتر دەبڕێت. لە پلەی 15 لویس هێرناندێزی ئیسپانی، لە ریزەکانی مانچستە ستی دێت، کە هەر کاژێرێک ماوەی 29.92 کیلۆمەتر دەبڕێت. لە پلەی 14 هاری ماگوایر یاریزانی هاڵ ستی دێت، کە هەر کاژێرێک ماوەی 29.91 کیلۆمەتر دەبڕێت. لە پلەی 13 سانتی کازۆرلای یاریزانی ناوەڕاستی ئارسناڵ دێت، کە هەر کاژێرێک ماوەی 29.90 کیلۆمەتر دەبڕێت. لە پلەی 12 تۆم هادلستۆن یاریزانی هاڵ ستی دێت، کە هەر کاژێرێک ماوەی 29.87 کیلۆمەتر دەبڕێت. لە پلەی 11 محەمەد ئەلننی یاریزانی ئارسناڵ و هەڵبژاردەی میسر دێت، کە لەم وەرزەدا تاوەکو ئێستا هەر کاژێرێک ماوەی 29.86 کیلۆمەتر دەبڕێت. لە پلەی 10 ئاندی کینگ یاریزانی لیستەر ستی دێت، کە هەر کاژێرێک ماوەی 29.70 کیلۆمەتر دەبڕێت. لە پلەی 9 کریگ گاردنەر یاریزانی ناوەڕاستی ویست برۆمیچ دێت، کە هەر کاژێرێک ماوەی 29.62 کیلۆمەتر دەبڕێت. لە پلەی 8 هال رۆبنسۆن یاریزانی ویست برۆمیچ و هەڵبژاردەی ویڵز دێت، کە هەر کاژێرێک ماوەی 29.49 کیلۆمەتر دەبڕێت. لە پلەی 7 گاریس باری یاریزانی ناوەڕاستی ئیڤێرتۆن دێت، کە هەر کاژێرێک ماوەی 29.40 کیلۆمەتر دەبڕێت. لۆکاس لیڤا یاریزانی ناوەڕاستی بەرازیلی لە یانەی لیڤەرپوول لە پلەی 6 دیت، کە هەر کاژێرێک ماوەی 29.37 کیلۆمەتر دەبڕێت. لە پلەی 5 ئۆلیڤیە جیرۆ هێرشبەری ئارسناڵ دێت، کە هەر کاژێرێک ماوەی 29.19 کیلۆمەتر دەبڕێت. لە پلەی 4 شۆنی مالۆنی یاریزانی هال ستی دێت، کە هەر کاژێرێک ماوەی 28.87 کیلۆمەتر دەبڕێت. لە پلەی 3 سیسک فابریگاس یاریزانی چێڵسی و هەڵبژاردەی ئیسپانیا دێت، کە هەر کاژێرێک ماوەی 28.73 کیلۆمەتر دەبڕێت. لە پلەی 2 پیتەر کراوچی هێرشبەری ستۆک ستی دێت، کە هەر کاژێرێک ماوەی 28.50 کیلۆمەتر دەبڕێت. هەرچی خاوترین یاریزانە بە گوێرەی ڕۆژنامەی تیلیگراف، کە پلەی یەکەمی گرتووە چارلی ئادەمی یاریزانی ستۆک ستییە، کە هەر کاژێرێک ماوەی 26.72 کیلۆمەتر دەبڕێت.



### پالۆتنەکانی مۆندیال (ئەفریقیا)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2016/11/11** | |
| لیبیا ـ تونس | 10:00 |
| **شەممە 2016/11/12** | |
| ئۆگەندا ـ کۆنگۆ | 04:00 |
| باشووری ئەفریقیا ـ سەنیگال | 04:00 |
| کامیرۆن ـ زامبیا | 06:00 |
| نایجیریا ـ جەزائیر | 07:00 |
| کاپ ڤێردی ـ بۆرکینا فاسۆ | 08:30 |
| مالی ـ گابۆن | 09:30 |
| مەغریب ـ کوتدیڤوار | 11:00 |
| **یەکشەممە 2016/11/13** | |
| میسر ـ گانا | 07:00 |
| گینیا ـ کۆماری کۆنگۆ | 08:30 |

### پالۆتنەکانی مۆندیال (ئاسیا)

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2016/11/15** | |
| ژاپۆن ـ سعوودیە | 01:35 |
| کۆریای باشوور ـ ئۆزبەکستان | 02:00 |
| چین ـ قەتەر | 02:35 |
| سووریا ـ ئێران | 03:00 |
| تایلاند ـ ئۆستراليا | 03:00 |
| ئیمارات ـ عێراق | 06:20 |

(گرووپی A)

| هەڵبژاردە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ ئێران | 10 |
| 2 ـ ئۆزبەکستان | 9 |
| 3 ـ کۆریای باشوور | 7 |
| 4 ـ سووریا | 4 |
| 5 ـ قەتەر | 3 |
| 6 ـ چین | 1 |

(گرووپی A)

| هەڵبژاردە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ سعوودیە | 10 |
| 2 ـ ئۆستراليا | 8 |
| 3 ـ ژاپۆن | 7 |
| 4 ـ ئیمارات | 6 |
| 5 ـ عێراق | 3 |
| 6 ـ تایلاند | 0 |

### پالۆتنەکانی مۆندیال (ئەوروپا)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2016/11/11** | |
| ئەرمینیا ـ مۆنتینیگرۆ | 08:00 |
| چیک ـ نەرویج | 10:45 |
| ئێرلەندای باکوور ـ ئازەربایجان | 10:45 |
| سان مارینۆ ـ ئەڵمانیا | 10:45 |
| دانیمارک ـ کازاخستان | 10:45 |
| ڕۆمانیا ـ پۆڵەندا | 10:45 |
| ئینگلتەرا ـ سکۆتلاند | 10:45 |
| ماڵتا ـ سلۆڤینیا | 10:45 |
| سلۆڤاکیا ـ لیتوانیا | 10:45 |
| فەرەنسا ـ سوێد | 10:45 |
| **شەممە 2016/11/12** | |
| کرواتیا ـ ئایسلاندا | 08:00 |
| نەمسا ـ ئێرلەندا | 08:00 |
| جۆرجیا ـ مۆلدۆڤا | 08:00 |
| تورکیا ـ کۆسۆڤۆ | 08:00 |
| ئۆکرانیا ـ فینلەندا | 10:45 |
| وێڵز ـ سربیا | 10:45 |
| ئەڵبانیا ـ ئیسرائیل | 10:45 |
| لیشتنشتاین ـ ئیتاڵیا | 10:45 |
| ئیسپانیا ـ مەگدۆنیا | 10:45 |
| **یەکشەممە 2016/11/13** | |
| بولگاریا ـ بیلاڕووسیا | 08:00 |
| لۆکسمبۆرگ ـ هۆڵەندا | 08:00 |
| هەنگاریا ـ ئەندۆرا | 08:00 |
| سوسیرا ـ دۆرگەکانی فارۆ | 08:00 |
| قوبرس ـ جەبەل تاریق | 08:00 |
| بەلجیکا ـ ئیستۆنیا | 10:45 |
| یۆنان ـ بۆسنەو هێرسک | 10:45 |
| پورتوگال ـ لاتڤیا | 10:45 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ | پورتوگال | 5 |
| 2 ـ ڕۆبەرت لیڤاندۆڤسکی | پۆڵەندا | 5 |
| 3 ـ تۆماس مۆلەر | ئەڵمانیا | 4 |
| 4 ـ ماریۆ مانزۆکیچ | کرواتیا | 4 |
| 5 ـ ئەندرێ سیڵڤا | پورتوگال | 4 |

### پالۆتنەکانی مۆندیال (ئەمریکای باشوور)

| | |
|---|---|
| **پێنجشەممە 2016/11/10** | |
| کۆلۆمبیا ـ چیلی | 11:30 |
| **هەینی 2016/11/11** | |
| ئۆرۆگوای ـ ئیکوادۆر | AM 02:00 |
| پاراگوای ـ پیرۆ | AM 02:30 |
| ڤەنزویلا ـ بۆلیڤیا | AM 02:30 |
| بەرازیل ـ ئەرجەنتین | AM 02:45 |
| **سێشەممە 2016/11/15** | |
| بۆلیڤیا ـ پاراگوای | 11:00 |
| ئیکوادۆر ـ ڤەنزویلا | 12:00 |
| **چوارشەممە 2016/11/16** | |
| ئەرجەنتین ـ کۆلۆمبیا | AM 02:30 |
| چیلی ـ ئۆرۆگوای | AM 02:30 |
| پیرۆ ـ بەرازیل | AM 05:15 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ بەرازیل | 21 |
| 2 ـ ئۆرۆگوای | 20 |
| 3 ـ ئیکوادۆر | 17 |
| 4 ـ کۆلۆمبیا | 17 |
| 5 ـ چیلی | 16 |
| 6 ـ ئەرجەنتین | 16 |
| 7 ـ پاراگوای | 15 |
| 8 ـ پیرۆ | 11 |
| 9 ـ بۆلیڤیا | 4 |
| 10 ـ ڤەنزویلا | 2 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ ئیدینسۆن کاڤانی | ئۆرۆگوای | 7 |
| 2 ـ فلیپی کاسیدۆ | ئیکوادرۆ | 5 |
| 3 ـ کارلۆس باکا | کۆلۆمبیا | 4 |
| 4 ـ ئەرتۆرۆ ڤیدال | چیلی | 4 |
| 5 ـ جیمیس ڕۆدریگز | کۆلۆمبیا | 4 |

ڕووداو وەرزشی
ژمارە ( 423 )
سێشەممە 2016/11/8



## 2 کێشە

گاریس بەیلی ئەستێرەی وێڵزی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی رایگەیاند لە ئیسپانیا زۆر دڵخۆشە و حەز لە ژیانی ئەو وڵاتە دەکات، بەڵام دوو کێشەی هەیە، کە چارەسەرکردنیان هەندێک زەحمەتە. بەیڵ لەو بارەوە گوتی «ژیان لە ئیسپانیا خۆشە، حەزم لە هەموو شتێکی ئەم وڵاتەیە، تەنیا دوو کێشەم هەیە، یەکێکیان سەبارەت بە زمانی ئیسپانییە کە زۆر کەمی لێ فێربووومە، دووەمیشیان تایبەتە بە خواردنی ئیسپانی، کە حەزم لێی نییە، بەڵام خۆشبەختانە پایلای ئیسپانی خۆشەو بە زۆری ئەو خواردنە دەخۆم».



# ڕووسیا و ئەمریکا لە دژی ڕۆناڵدۆن

**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، خۆی بۆ پێگەیشتنی هەواڵێکی جەرگبڕ ئامادە دەکات، دوای ئەوەی دۆستەکەی پێشووی ئێرینا شایک نمایشکاری جلوبەرگی ڕووسی، نیازی خۆی لە هاوسەرگیریکردن لەگەڵ دۆستەکەی ئەکتەری ئەمریکی برادلی کوپەر، لە سەرەتای ساڵی تازە نیشاندا.

شایک بەم بڕیارە زەبرێکی زۆر کوشندە لە هیواکانی ڕۆناڵدۆ دەوەشێنێت، کە بۆی ناگەڕێتەوە، نەخاسمە کە چەند ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەڤانی باسیان لەوە دەکرد «ڕۆناڵدۆ هێشتا شایکی خۆش دەوێ و دەیەوێ بگەڕێنەوە لای یەکدی».. ئەمەو ڕۆناڵدۆ دوای وەرگرتنی خەڵاتی باڵۆن دۆری ساڵی 2014 لە شایک جیابووەوە، بەهۆی ناکۆکی نێوانیان، کە مشتومڕێکی زۆری لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن نایەوە، کە ئەوکات هەندێک سەرچاوە هۆکارەکەیان بۆ ناکۆکی نێوان شایک و دایکی ڕۆناڵدۆ دەگەڕاندەوە.

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، دوو ساڵە نەیتوانیوە لەسەر ئاستی سۆزدارییەوە سەقامگیر بێت، تەنیا چەند پەیوەندییەکی سەر پێی هەبووە. کریستیانۆ لایکی لەسەر چەند وێنەیەکی تایبەت بە ئێرینا شایک کرد، لەسەر لاپەڕی تایبەتی لەسەر (ئینستاگرام)، دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش ئەوەیان قۆستەوە، وەک بەڵگەیەک لەسەر ئەوەی ڕۆناڵدۆ هێشتا شەیدای دۆستەکەی پێشوویەتی.

ڕێبوار محەممەد



# واز لە مۆرینیۆ بێنن، خەتای فێرگسۆنە!

خۆسێ مۆرینیۆ لەگەڵ مانچێستەر یونایتد هێندە حاڵی خراپە، هاندەرانی یانەکە لێی کەوتوونەتە تەقە و داوای ڕۆیشتنی دەکەن. دۆخەکەی گەیشتووەتە دۆخێک، یۆرگن کلۆپی ڕاهێنەری لیڤەرپوول بە گاڵتەکردنەوە باسی ئاستی مان یونایتد دەکات. لە کاتێکدا مۆ کە هەمیشە لە قسە و وەڵامی کەمەرشکێندا حازر بەدەستە، هیچی پێناوترێ.

ئەو دۆخە خراپەی سپێشەڵ وەن لەگەڵ یونایتد هەیەتی، بە بردنەوە لە سوانزی سیتی پینە نابێت کە تەنیا یەک یانەی پێشخۆیداوە لە ژێرەوەی ریزبەندی پریمەرلیگدا بێت. چونکە بە ئاسانی ئەوە بردنەوەی یارییەکە کە زۆر ئاسان بوو بۆ یونایتد.

بەبڕوای من هەموو ئەوەی بەسەر یونایتددا دێت و ئەو دۆخە خراپەی تێیکەوتووە، بە پلەی یەکەم گوناهی سێر ئەلێکس فێرگسۆنی ڕاهێنەری ئەفسانەیی یانەکەیە، ئەو ڕاهێنەرەی چارەکە سەدەیەک لەسەرپەرشتیکردنی شەیتانە سوورەکان بەردەوام بوو.

لەوانەیە سەیر بێت پەیوەندی لە نێوان فێرگی و شکستەکانی ئێستای یونایتددا دروست بکەین، لە کاتێکدا مۆرینیۆ سێیەم ڕاهێنەری پاش فێرگسۆنە دوای شکستی داڤید مۆیس و لویس ڤان خال.

ئەوەی ئێستا یونایتد هەیەتی، لە ناوبانگ، گەورەیی، مێژوو، دەوڵەمەندی و هاندەری زۆر، هەمووی بەرهەمی کاری چارەکە سەدەیەکی ڕاهێنەرە سکۆتلەندییەکەیە لەگەڵ ئەو یانەیەدا، چونکە فێرگی یونایتدی لە تیپێکی ئاسایی ئینگلتەراوە کردە زەبەلاحێکی ئەوروپا. لە یانەیەکی لۆکاڵییەوە کردیە گەورەیەکی نێودەوڵەتی. بەڵام ئەو لە خاڵێکی زۆر گەورەدا هەڵەی کرد، ئەو هەڵەیەش دروستنەکردنی شوێنگرەوەیەک بوو بۆخۆی.

کاتێک کتێبەکەی فێرگسۆن دەخوێنیتەوە، تێدەگەی ئەو پیاوە لە ماوەی ئەو بیست و پێنج ساڵەی کارکردنی لە یانەکە بیری لە هەموو شتێک کردووەتەوە تەنیا ئەوە نەبێت کە ڕۆژێک لە ڕۆژان کەسێک بۆ جێگرەوەی خۆی دیاری بکات.

ئەو دەکرا لە ماوەی ئەو هەموو ساڵەی کارکردن لەو دەیان یاریزانەی لە ژێر دەستی ئەودا کاریان کرد و گەورەبوون، بە تایبەتیش لەو نەوەیەی کە خۆی ناوی ناوە نەوەی 92، کە یاریزانانی وەک ریان گیگز، گاری نیڤڵ، داڤید بێکهام و پۆڵ سکۆڵزی تێدابوو، کە ئەوان وەک خۆی دەڵێ منداڵانی عاشق بە تۆپی پێ بوون کاتێک هاتنە یانەکە و دواتر پیاوی مەزنیان لێدەرچوو، کەسێک بۆ سەرپەرشتیکردنی کارەکانی یانەکە لە رووی مەشقدانەوە ئامادە بکات. ئەوەش نەبێت ئەو هەموو یاریدەدەرەی کە کاریان لەگەڵدا کردووە، یەکێکیانی بۆ شوێنگرتنەوەی خۆی دابنایە. لانی کەم میک فیلانی ڕاهێنەری هۆڵ سیتی، کە ساڵانێکی زۆر یاریدەدەری فێرگی بوو و فێرگی بە یاریدەدەرێکی مەزن ناوی دەبات، ئەو ئەرکەی بدرێتێ.

ئەگەر فێرگسۆن لە پاش خۆی بیری لە ڕاهێنەری داهاتووی یانەکە بکردایەتەوە، بێگومان دۆخی یانەکە بەو شێوەیەی ئێستا نەدەبوو، چونکە ئەوکات هەمان سیستم و شێوەی بیرکردنەوە و کار درێژەیان دەبوو، ئەو کولتوورە زەبەلاحەشی ئەو ڕاهێنەرە لە پاش خۆی بەجێیهێشت، ئەوەندە قورس لەسەر ڕاهێنەرانی دوای خۆی نەدەکەوتەوە.

لە خۆڕا نییە بارسیلۆنا پێشینەی ڕاهێنەران بۆ تیپی یەکەم دەداتە ئەوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە یانەکە یارییان کردووە. لە پاش گواردیۆلا فیلانۆڤا دەکاتە ڕاهێنەر و دواتریش پەنا بۆ لویس ئینریکێ دەباتەوە، بەرهەمی ئەو ڕاهێنەرانەش مانەوەی بارسیلۆنایە لە دە ساڵی رابردوودا بە مەزنی.





## بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

دانا قادر لە سەیدسادق

بە لێدوانی:

(کەڵەشێرە ڕەشەکە لەگەڵ جاڵجاڵۆکە)

ڕووداو وەرزشی
ژمارە ( 423 )
سێشەممە 2016/11/8

## 1 LOTTO پەنجاو سێیەمین پێشبڕکێ

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی)ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..............................

مۆبایل : ..............................

(ڕووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




RÛDAW
www.rudaw.net
(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
0750 454 71 68 - e-mail:ihsan@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ژیرۆ عەبدولرەحمان
هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە